# شۆخ و شەنگی، هارەی هەیاسەی گۆبەرۆك دادی ژنان نادات

**تابان نوری**

بروا بەخۆبوون ، وزەیەکی گەورەیە ئەگەر لەناو مرۆڤدا دەماری قەف پتەوی هەبێت. گەورەترین خەسڵەتی کەسێتی مرۆڤە لەدووریانی لابەلاکردنەوەی هەموو شتەکانی دەوروبەری ، هەر ئەو خەسڵەتەشە وا لەمرۆڤ دەکات، خێزان و کۆمەڵگا ناچاربکات درك بە پێگەکەی بکەن و کێش و قورسایی بۆ دیار بکەن، حەتمەن ئەوەش خوێندنەوەی یەك تەرەفانە لە ئەزمونی ژیاندا ناتوانێ پێناسەیەکی رێك و دروستی پێبدات، ئەگەر تاك خۆی بەو حاڵەتە نەگەیەشتبێت.

بروا بە خۆبوون ستراکتۆری تێرامان وسەرنجدانی تاك رەوا مانای ئەوە لەخۆ دەگرێت. (من هەم بیرم، بۆچونەکانم، ، بۆ چەمك و بەهاو پارادیگمەکان کە خۆم درکیان پێ دەکەم، من خۆم قەناعەتم پێیەتی پێناسەم بۆ یان هەیە نەك تۆ لەگۆشە نیگای بۆچونەکانی خۆتەوە سەیریان دەکەیت و بەزۆری زۆردارەکی بەسەر مندا دەیسەپێنی.

تاکی ناو کلتوری لاواز ناتوانێت رێچکەکان بشکێنێت، چونکە کەسێکی ئازاد نیە. لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا بەتایبەتی توخمی ژنان، کەسایەتیان بەلاوازی هێشتراوەتەوە، لەدیدی پیاوی چێژوەرگر کەوا کەسێکی خۆپەرست و نارسیست.

ژنیشی هەمیشە بەزەلیلی گەرەکە و کەلەگایەتی خۆی لەچەوساندنەوەی ئەو ژنەدا دەبینێت.

منال تاکە کەسێکە کە بروای بەخۆ هەیە، راستگۆشە لە دەربرینی هەستەکانی و بوێریشە لەو پرسیارانەی کە ئاراستەی لە خۆی گەورەتر دەکات . بەبێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر شێوازی خوارو خێچ و پە لوغز قسەکانی بهاوێژێت، بەلام لە قۆناغێکی دیکەدا لەسایەی ئەو ژینگە فیکری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەی کە تێیدا دەژێت، فێری چەندین خەسلەتی دیکە دەکرێت بەناچاری دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو خەسلەتە وەرگیراوە .

ژن لەبەر ئەوەی لەکۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا خاوەنی دەسەلاتی ئابوری خۆی نیە ، هەمیشە لە گیرفانی یەکێکی دیکەوە، باوك ، یان مێرد بە برەبرە خەرجیەکانی پێدەدرێت . هەمیشە بێهێزی و لاوازی بەخۆوە دەبینێت و حەزەکانیشی سنوردار کراوە دەستیش دەخەنە ناو ئازادیەکەی بۆیە سوژدە بۆ دەسەلاتی ئابوری پیاوان دەبات و بەو شکستیە ئابوری‌و دەرونی و کۆمەلایەتی‌یەو قاپل دەبێت.

ژن لەو کۆمەلگایانەدا لەلایەن ئیستبدادی سیاسی و ئیستبدادی ئاینی و کلتوری خێلەکی کاتژمێری ژیانی قورمیش کراوە بۆ بەرەو دواوە، ژن لەژێر کاریگەری ئەم سیستمە هەمیشە لە فەلەکی پیاودا دەسورێتەوە، مەگەر مردن رەحمی پێ بکات ئەگینا ژیانێکی بێ نمود و بێ مانا هەلیگلۆفتووە . تا ژن نەبێتە خاوەنی سەرچاوەیەکی ئابوری بۆ ژیان بەرێوەبردن، مەحالە بتوانێت لەبەرامبەر دەسەلاتی پیاو نقە بکات و چارەنوسی خۆی لەبن دەستیا دەربێنێت، ئەوسا دەتوانێت لەبەهای ئازادی بگات و بەجوانیەکانی سەرفرازبێتبەهرەو تواناکانی خۆی بخاتە بواری داهێنان .

ئەوەی ئەمرۆ لە ولاتەپێشکەوتوەکانی دنیادا هەیە، بەری کۆششی زاناو فەیلەسوفی ئازاو چاوقایم و بوێر بووە. ئەو دەستکەوتانەی دەستەبەر کردووە بەخێرو فەریش بۆ ژنان گەراوەتەوە، حەتمەن زەمینەی مادی فیکری خۆی هەبوە لە فەراهەمکردنیدا رۆلی خۆی ببینێت.

ئەگەر زاناو بیردۆزو کەسانی ریفۆرمیست رەخنەیان لە دەسەلاتی رەهای پاشاکان نەگرتبایە و ناچاریان نەکردبان دەست لە ژیانی خەلك وەرنەدەن ، ئەگەر حیکمەتی جوانی ژیان نەبوایە لیبرالیزمەکانی ئەوروپا بەگژ قەشەو کاردینال و کلیسا نەدەچوون، تاکو مەسیحیەت لە دەسەلاتی دنیا جیابکەنەوە . هەر لیبرالیستەکان بوو پێیان لەسەر ئازادی تاك داگرت و لە پەراوێزی ژیانەوە تاکیان گواستەوە سەنتەر، کۆمەلێك دەسەلاتیشیان نایە چنگی .

ئەگەر نوێکاری (رێنیسانس) نەبوایە چاکسازیەکانی پروتستانتەکان نەبوایە سیستمی ژیانی کۆمەلگای رۆژئاوا ئالوگۆری تێدا روو نەئەدا، لەتەك ئەو هەموو بزاڤە گەورانەشدا لیبرالیزمی ئابوری رێگە خۆشکەر بوو بۆ زێدەبەرهەمهێنان و پرکردنی بازارەکان بەکالاو شتومەکی تازە، هەلبەتە ئەمەش بواری کارکردنیشی بۆ ژنان کردبە ئەمری واقیع هەرچەندە جۆرێك لە کارگە و فابریکەکاندا ژنان ئەچەوسانەوە بەلام ئەمە بوو بەهەوێنی چەندین بزوتنەوەی ژنانە.

ئەم هەموو داهێنانە مەزنانە کۆمەلگای بەتەواوەتی گۆری چەك و بەهاو داب و نەرێت و چەندین یاساو بنەما کە هەبوو، بەتایبەتی بۆ ژنان وەك کۆت و زنجیر لە دەست و مەچەکیان شەتێنرابوون، دەرئەنجامی ئەوە سەرلەنوێ چاویان پێدا خشێنرایەوە، پوختەتر و جوانتر لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و ئازادی تاك دارێژرایەوە. ئەو ناهەقیەی کە ئاین و مەزهەبەکانیش سەبارەت بە توخمی ژنان کردبویان لەسیستمی نویخوازی ژیاندا قەرەبۆیان بۆ کرایەوە، بۆیە ژنان لە کۆمەلگای مەدەنی‌دا تەنها خێزان نەبێت کە هەردوو رەگەز کۆك دەبن لەسەر دروستکردنی جۆرێك لە ئینتمای رۆحی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە ئەگینا ژن تاکێکی ئازادە لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و سەرنجدان و بۆچونی‌خۆی و خودی خۆی لەدەست نادات و هیچ هێزێکیش نیە ناچاری بکات ، توتی ئاسا قسەکانی پیاو بلێتەوە چونکە پشت ئەستورە بەو یاسایانەی کەسەروەرن . کێشەو گرفتەکانیان چارەسەر دەکات.

لەو کۆمەلگایانەدا یاسا جێگای حوکمی ئیلاهی گرتۆتەوە،دەولەت بەرپرسە لە دابینکردنی ژیان و گوزەرانی خەلك کەسایەتی ژنیش لەسایەی ئەو یاسایەدا بەهێزە، وەك ژنی کۆمەلگا رۆژهەلاتیەکانی نوقومی ناو قەزمی رۆحی نەبووە. زێرو ئەلماس و خشلی گرانبەها، زریق و باقی ناومال کەلەدونیای ژنێکی رۆژهەلاتیدا هەموو فەزای مێشکی پێپرکراوەتەوە . بەلام لەوێ ژن گەر مووچە خۆر بێت یان خانەنشین خاوەنی دەسەلاتێکی ماددیە، هێندەی لەعۆدەی ئەوەدایە کە چێژ لە گەشتێك وەربگرێت لەولاتێکی دور یان لەچێشتخانەیەکدا خواردنێکی باش بخوات، هێندە عەشقی ئالتون و ئەلماس وهتد .... نیە.

ئەو هێزە ئابوری‌یە وەك پشتێنەیەك وایە و توانای ژیانی بۆ دەستەبەردەکات، هەر هەمان ژنە کەلە توخمی مێینەیە بەلام لێرە لەکۆمەلگای رۆژهەلاتیدا دەژی ، لەرووی پێکهاتەی فیسیۆلۆجی‌و بایۆلۆجیەوە هیچ جیاوازیەکیان تێدا بەدی ناکرێت . بەلام مۆلەتی داهێنانی لەبەر دەستایە بەشێوەیەکیش گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات . خۆی لە پیاو بەکەمتر نازانێت، شکستی دەرونی لەناخیدا بەدی ناکات.

بەدبەختی بێدەنگی بەچارەنوسی ئیلاهی نازانێت، بەپێچەوانەوە لە کۆمەلگا دواکەوتوەکاندا لەدیدی پیاواندا ژن توخمێکی زەعیفە بوونی لە کۆمەلگادا هەر بۆ منال نانەوەو بەخێوکردنیان مجێورێکی سوجدەبەری مەعبەدی خێزانداریە کەرەستەیەکی تێرکردنی حەزەکانی پیاوە، لەقەلایەکی حەیاو حورمەت، عەیب و شورەیی، شەرم و بێدەنگی، کالفام و سەرچاوە شەرمەزاری بوون زیندانی کراوە.

تەنیا لە مەملەکەتی شاعیراندا نەبێت کە بەپاکیەوە لە ناسکی‌و جوانی هەستی شاعیرانەیەوە ژن سەرچاوەی ئیلهام و جوانی‌و سادەیی، شۆخ و شەنگی ژن، هارەی هەیاسەی گۆبەرۆك و لارولەنجەی قەدوبالاو سەمای زولف و بسکی، ئەو توخمە بەسەزمانەی بێگومان ئەوەش دادی ژنان نادات کە ئەگەر خاوەنی ئازادیەکانی خۆیان نەبن نەتوانن لەرووی ماددیەوە لەژیان و گوزەران نەترسن.

لەپرۆسەی ژیانیشدا نێرینەی بالادەست خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، هەر ئەم کەلەکە بوونی کلتورو ئیستبدادی رۆژهەلاتیەیە، کە هاوکوفە لەگەل ئیستبدادی ئایینی، ژنیان وا راهێناوە کە بەو ژیانە قایل بن و هێندەی لەسەر هەلنەدەن.

ئەوەش جۆرێك بووە لە مێشك سرینەوە و دارماندنی چەمکی بروابەخۆبوون هیپنۆتیزمە کردنی حەزەکانی. تارادەیەك ژن وای لێهاتوە دان بەو هەرەسهێنانەی خۆی لەبەرانبەر پیاواندا بنێ و چەکێکی تایبەت لەدەسەلاتی نێرینە ببینێت، دەست بەرداری مافەکانی خۆی ببێت و قسەیان لەسەر نەکات.

کار گەیشتۆتە ئەوەی هێندە نائومێد بێت مافەسەرەکییەکانی خۆی لە کەل و پەلی بێ بەها بەدی بکات، بێگومان لە کوردستاندا رێژەی ئەو ژنانەی کارمەندو مووچە خۆرن لە دامودەزگا جۆراوجۆرەکاندا مانگانە برێك پارە وەردەگرن کەدەکرێت ناوی لێبنێین هێزێکی ئابوری ئەبێتە دەسەلاتێکیش بۆ ژنان، ئەو رێژەیە لەچاو سەرجەم هەموو ژنانی کوردستان زۆر کەمەو ناکرێتە هاوکێشەیەك بۆ ئەوەی هەموو ژنەکان هەروەکو لە کۆمەلگا پێشکەوتوەکاندا موچە خۆرن و ژیانیشیان بۆ تەرخان کراوە، بەلام لێرە لە کوردستان ئەو حالەتە هەرەشەشە لەسەر گوزەران و ژیانی ، راستیەکی حاشا هەلنەگرە ، زۆربەی ژنانی کورد نەخوێندەوارو موچە خۆر نین ، مێرد خاوەنی پارەو پولەو سەرچاوەی ئیدامەدانە بەژیان ، ژنانیش بەرپرسن لە منال نانەوەو رێکخستنی موبەق و سفرە رازاندنەوو رێکخستنی ژیانی خێزانداری ، سەیریش لەوەدایە ئەو ژنانەی کە ژمارەیان کەمەو موچە خۆرن ئەوانیش لەژێرکاریگەری کلتوریدا لەگەل ئەوەی کە خاوەن پارەن بەلام ئازاد نین و ناتوانن لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەلبدەنێ ، ئەگەر لەلایەن پیاوانیش بچەوسێنەوە، دابران و تەلاقدان رێگە چارەیەك بێت بۆ ئازادبونیان لێرەدا نەهامەتیەك بەرۆکی دەگرێت ، دەبێتە قوربانی دەستی کلتوری خێلەکی کە پارسەنگ بەلای پیاودا دەیشکێنێتەوە، بروابەخۆبون وابەئاسانی لەناو ئەو کۆمەلگایانەدا بۆ ژن دروست نابێت چونکە ژینگەی فیکری و کۆمەلایەتی ئەو هەلەیان بۆ نارەخسێنن رێچکەکان بشکێنن.

# بڕیارەکەی پەرلەمان و بۆڵە بۆڵی مەلاکان...!

**ئیدریشس شەیداهۆ**

بریارەکەی پەرلەمان سەبارەت بە قەدەغەکردنی دوو ژنی و سزای ماددی بۆ ئەو کەسانە، بریارێکی شایستەو بەجێیە، هەرچەندە هێشتا وردەکارییەکانی دیارنیە. بەلام بریارەکە مایەی دلخۆشییە کە داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەکات و هاوشان لەگەل پیاودا حیسابی بۆ دەکات.

بەلام دەکرێ تەنها وەلامی ئەو بریارە لەلایەن چەند گروپ و کەسانێکەوە، بکرێتە فیلمێکی دێکۆمێنتی‌و هەلیگرین، تا سبەی نەوەکانی دوای خۆشمان تووشی هەمان سەریەشەی ئێمە نەبن و بزانن لەلایەن کێوە ئەم جەریمەو گوناهە بە حەلال زانراوە، کێ دژی ئەم بریارەیە و کێ پالپشتێتی ...؟!

دیارە ئەوانەی دوو ژنیان هەیە، دژی ئەو بریارەن، ئەوانەی لە روانگەیەکی ئاینیشەوە سەیری ئەم بریارەدەکەن، سەریان لێشێواوە، لەلایەك دژی ئەوەستن ولەولاشەوە دەیانەوێ هاوسەنگی ئایین و یەکسانی‌و واقیعی کۆمەلگا بپارێزن، ئەمەش کارێکی قورس و گرانە.

ئیسلامیەکان دەیانەوێت سیاسەتی (خورمژ) بەکاربێنن، دارێکیان بەدەستەوەیە، هەردوو سەری دوو بلاجکتۆری بەسەرەوەیە، باوەشی نەرمی سێ چوار ژن لەلایەك ئارامییان پێ دەبەخشێ .. بێ مانایی کۆپلەکردنی سێ مرۆڤیش لە رووی ئاکاری مرۆڤایەتییەوە لەگەل ئایینەکەیان یەك ناگرێتەوە، لەولاترپشەوە نوقە بکەن ، ترسی برینی موچەکەیانە ..

دەولەمەندو هەنێك لەو بەرپرسانەی دوو ژنیان هەیەو بانگەشەی بانگی یەکسانی دەکەن و وەك پالەوان بۆ داکۆکی لە مافی ژن دێنە قسەو خۆشیان دوو یان سێ ژنیان هێناوە، وشەیەك لەمبارەیەوە نادرکێنن و خواخوایانە کەس نەچێ بەلایانەوە و ژنە بچوك و خنجیلانەکەیان لێ نەسێننەوە...!

هەندێك لە مەلاکان، لە بەرپرسان توندتر دژی ئەم بریارە وەستاونەتەوە، ئەوانەی کە خاوەن دوو یان سێ ژنن، رۆحیان چووە ، هێندە پەرۆشی ئایینەکەیان نین، هێندە خەمی داوێنی خۆیانن، بۆیە قەلەمیان واتیژە لەوکارانەدا هەلوێست دەنوسێنن و بەیاننامە دەردەکەن، بەلام ئەگەر ولات سالێك بێ کارەبا بێ و منال بمرێ و پیروپەکەوتە تووشی دەیان نەخۆشی بێ،ئەوان هەر (ابوهریرە) دەناسن و حیساب بۆ کەس ناکەن.

بژی پەرلەمان بۆ ئەم بریارە جوانەت گەر پەشیمان نەبیتەوە...

## ژنێکی پاشماوەی ئەنفال:

# تەنها تاوانی ئێمە ئەوە بوو کە کورد بووین

**شیرین شەوکەت**



ئەنفال ئەو تاوانە بێوێنەیە بوو کەحزبی بەعسی هەلوەشاوە دژ بەگەلی کورد ئەنجامیدا، کە بۆ هەتا هەتایە لەمێژووی گەلی کوردا بیرناچێتەوە، ئێستاش لەسەروبەندی دادگایی کردنی سەرانی ئەو رژێمە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان هەریەکەو بەجۆرێك هەستی خۆی دەردەبرێ..

– ستابە ئیبراهیم(سەدام ببەستن بەم فەرەنجیەوە هەر ژنەی بەردێکی تێ بگرێت) من هەر ئەوەم ئەوێ..

(( هەرچەندە رۆژێکی گەرم بوو بەدەیان ژن و پیاوو منال و کورو کچی پاشماوەی ئەنفالەکان لەناحیەی رزگاری رژانە سەرجادەو لەناو ئاپۆرەی خەلکدا دەم و چاوێك دیوێك لەخۆشحالی دەربرین و دیوەکەی تر چاو بەفرمێسك، پێشوازیان لە رۆژی 8/21، دەکرد کە رۆژێکی مێژوویە لەمێژووی گەلی کورد، کەس و کاری پاشماوەی ئەنفالله ناحیەی رزگاری زۆر بەتاسەوە چاوەروانی دادگاییەکە دەبن گەلێك پرسیارمان ئاراستەی ئەو خەلکە کرد، دەربارەی رۆژی دادگایی کردنی سەدام و داروەدستەکەی .

*پێتان باشە دادگاییەکە چۆن بێت؟ چی داواکاریتان هەیە بەرامبەر حکومەتی عێراقی سەبارەت بەدادگایی کردنی سەدام و داروەدستەکەی ؟

*نعیمە حەمە ئەمین: ژنێکی پاشماوەی ئەنفالەو لەناحیەی رزگاری چاومان پێکەوت و سەبارەت بەدادگایی کردنی سەدام و رۆژی 2006/8/21 بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن: هەق وایە هەرچۆنێك ئێمە ئارەزوومان لێ بێت بەرامبەر سەدام و داروەدستەکەی ئەنجام بدرێ و لەسەر زەویدا نەهێلرێن و ناویان نەمێنێ لەناو کورد، دواتر داواکاربوو کە هەقی هەموو ئەنفالکراوەکانی لێبکرێتەوەو داواکاریەکانمان جێبەجێ بکرێت.

*پرشنگ عەلی: کچێکی تەمەن 22 سالەو باسی کارەساتە دلتەزێنەکەی ئەنفال دەکات و بۆیان گێراوەتەوە کە باوکی لەنوگرەسەلمان کۆچی کردووەو سەگە رەش خواردویەتی، جگە لەباوکی براو خوشکی ئەنفالە، پرشنگ داواکاربوو لە حکومەتی عێراق کە سەدام و دەست و پەیوەندەکانی بەسزای لەسێدارەدان بەرن.

*بەهجە محەمەد: حەزدەکەین هەموو کەس و کاری پاشماوەی ئەنفال کۆبکرێتەوەو هەریەکەو پارچەیەك لە گیانی سەدام بکەنەوە)، باسی کارەساتە بەدناوەکەی ئەنفالی کرد کە چۆن سەدام، ژن و کچ و پیاو و گەنج و منالیان زیندەبەچال کرد، وتی، تەنها تاوانی ئێمە ئەوە بوو کە کورد بووین.

*ستابە ئیبراهیم: خەلکی ناحیەی رزگارییەو کەخوشکێکی بەهەشت سەرخێزانەوە سەرنگوم بووە، لەگەل براژنێکی کە ئێستا سێ کچی عازەبی لە دوای بەجێماوە، لەگەل ئامۆزایەکی راپێچی بیابانی نوگرە سەلمان کراون بەم شێوەیە دەربارەی دادگایی کردنی سەدام هاتە زمان و وتی: سەدام ببەستن بەم فەرەنجیەوە هەر ژنێ بەردێکی تێبگرێت، من هەر ئەوەم ئەوێ.

*فەرید زۆراب حەمە جان: حەز دەکەین چۆن سەدام مال و منالەکانی ئێمەی سەرنوگم کردو هەمووی قیمە قیمە کرد، سەدام و داروەدستەکەی وەکو ئەنفالکراوەکان لێکردبێت، وتیشی تەنها خۆم ماوم، دەکەسم ئەنفالە هەتا خۆم ماوم پێمخۆشە مەرگی سەدام ببینم.

*شێرزاد خورشید فریق: گەنجێکی پاشماوەی ئەنفالەو ئەو کاتە لە نوگرەسەلمان رزگاری دەبێت و باوکی و هەموو خێزانەکەی بەر شالاوی ئەنفال دەکەوێت، شێرزاد درێژەی بەقسەکانیداو وتی: خۆشحالین کەلەم مەراسیمە پر شکۆیەدا بۆ رێز گرتن لەگیانی‌زیاتر لە 182هەزارئەنفال هەستاین بەخۆپیشاندانێك و رێپێوانێك بۆ ئەوەی سەدام و داروەدستەکەی دادگایی بکرێن، دادگاییەکی عادیلانە کە بەسزای رەوای خۆیان بگەن، سزاکەشی لەسێدارەدان بێت، بەتایبەت سەدام و عەلی کیمیایی کە دەستی سەرەکیان هەبووە لەپرۆسەکە.

*جاسم عومەر کاکە حەمە: خەلکی دێی (عەزیز قادر ) رۆژی 8/21/ بەرۆژی جەژن لەقەلەم داو خۆشحالی خۆی دەربری بەوەی کە سەدام و تاوانباران لەنێو قەفەسی دادگاییدا ئەبینرێن، وتیشی لەمالی خۆمان دەکەسم ئەنفالەو داواکارم لەحکومەتی عێراقی نەك تەنها سەدام و داروەستەکەی دادگایی بکرێن، بەلکو موستەشارەکان و ئەوانەی دەستیان هەبووە لەم تاوانە گەورەیەدا راپێچی دادگا بکرێن، چونکە بەدەرەجەیەك ئەوان هەستان بەم کارە زیاتر.